# ئاداب ورەوشتی خوێندکار ومامۆستا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئیمام ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی قودامەی

المقدسي

وەرگێڕانی: زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ آداب العالِم والمُتعلِّم ﴾

« باللغة الكردية »

أحمد بن عبد الرحمن بن قدامة المقدسي

ترجمة: زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئاداب ورەوشتی خوێندكار وامۆستا

خوێندكار وزانستخواز دەبێت پاككردنەوەی دەروون _ النفس _ پێش ڕەوشتە خراپ وبەدەكان بخات وخۆی دوور بخاتەوە لێیان چونكە زانیاری عیبادەتی دڵە، پێویستە هەموو ئەو پەیوەندیانە ببڕێت كە سەرقاڵی دەكات بەدونیاوە، بێگومان كاتێك كە بیرو هۆش پەرش وبڵاو بو تووشی نكوڵی دەبێ وناتوانێ ڕاستیەكان بە چاكی وەربگرێت، پێشینەكان ڕێزی زانستیان داوە بەسەر هەموو شتێكدا، ڕیوایەت كراوە لە ئیمامی ئەحمەدەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) كە هاوسەرگیری نەكردوە هەتا تەمەنی لە چل ساڵ تێپەڕیوە، كەنیزەیەك بەدیاری درا بە ئەبوبەكری كوڕی ئەنباری، كاتێ كە چوەلای كەوتە بیری دەرهێنان وحەلكردنی مەسەلەیەك _ مسألة _ كەی لەبیری چوەوە ، فەرمووی: بیبەنە دەرەوە بۆلای ئەوانە كۆیلە دەكرن ودەیفرۆشن كەنیزەكە ووتی: ئایا من هیچ تاوانێكم هەیە؟

ووتی: نەخێر ، تەنیا ئەوە نەبێ دەروونم سەرقاڵی تۆ بووە، وێنەی تۆ چ باشیەکی هەیە کە ڕێگری زانستم لێبکات.

پێویستە لەسەر خوێندکاران کە خۆی بەتەواوی بداتە دەستی مامۆستاکەی وەك چۆن نەخۆش دکتۆر هەرچی پێ بڵێ دەیکات ولە قسەی دەرناچێت، دەبێ خۆی زۆر بەکەم بزانێت وبەردەوام لە خزمەتیدابێت، ئیبنو عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) ڕەشۆی ووڵاخەکەی زەیدی کوڕی سابتی بەدەستەوە بوو (ڕەزای خوای لێ بێت) دەیوت: ئاوا فەرمانمان پێکراوە لە گەڵ زانایاندا هەڵس وکەوت بکەین.

هەرکاتێك خوێندکار خۆی بەزل زانی لەوەی کەسود لە کەسێك وەربگرێت، ئەوە نەفامە ونەزانە، چونکە خاوەن باوەڕی کارزان وژیر لە هەر شوێنێکدا حیکمەت وژیری دەست کەوتو بینی هەڵی دەگرێت ولای خۆی دەیپارێزێت، باواز لە بۆ چونی خۆی بێنێ بۆ ڕاو بۆچونی

مامۆستاکەی، چونکە هەڵەی مامۆستا بەسود ترە بۆ خوێندکار لە هەڵەنەکردنی خۆی، عەلی (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: هەقی زانا بەسەر خوێندکارەوە دەبێت لە هەموو کەسێك زیاتر ڕێزی لێ بگرێت، بە تایبەتی سڵاوی لێ بکات ولە بەردەمیدا دانیشێت، لە لایدا بەدەست هێما مەکە و بەچاوت چاو دامەگرە وپرسیاری زۆری لێ مەکە، لە وەڵامدانەوەدا هاوکاری مەکە، ئەگەر خۆ گیری کرد لە وڵامدانەوە لە سەری مەڕۆ ، ئەگەر ڕێگەی نەدای مەڕۆ بۆ لای کاتێك کە هەڵسا دەست بە پۆشاکەکەیەوە مەگرە، نهێنیەکانی بڵاو مەکەرەوە، لە لای ئەودا زەمی کەس مەکە، مەگەڕێ بەدوای هەڵەکانیدا با هەڵەش بکات، پۆزشەکانی قبوڵ بکە، پێی مەڵێ بیستم لە فڵان ئاوای دەووت، وە مەڵێ فڵان زانا بەپێچەوانەی تۆوە دەڵێت، ستایشی هیچ زانایەك مەکە لە لایدا، ماندوو مەبە لە زۆر مانەوە لە لایدا، خۆت بەزل مەزانە لە خزمەت کردنیدا، کاتێك کە پێویستی بە شتێك هەبوو لە پێش هەموو

کەسێکەوە بە دەمیەوە بچۆ، چونکە ئەو لە جێی دارخورمایەکە چاوەڕوان دەکەیت کەی شتێکی لێ دەکەوێتە خوارەوە بۆت، دەبێ ئەو کەسەی کە خەریکی فێربوونی زانیاری دەبێت لە سەرەتاوە گوێ نەگرێت بۆ کێشەی زانایان چونکە سەرسامی دەکات وبیرو هۆشی پەرتو بڵاو دەکاتەوە وە دەبێت لە هەموو شتێك چاکەکەی هەڵبژێرێت، بێگومان تەمەن مۆڵەت نادات بۆ فێربوونی گشت زانستەکان، وە دەبێ هەموو کاتەکەی تەرخان بکات بۆ بەڕێزترینی زانست، ئەو زانستە کەپەیوەندی بە ڕۆژی دواییەوە هەیە، ئەوەی دڵنیای ویەقینت پێی وەدەست دەهێنرێ کە ئەبو بەکری صدیق بە دەستی هێنا (ڕەزای خوای لێ بێ) کە پێغەمبەر خودا (صلى الله عليه وسلم) شایەتی بۆ داوە وفەرموویەتی: " ما سبقكم أبو بكر بكثرة صوم ولا صلاة، ولكن بشيء وقر في صدره " {أخرجه الترمذي في النوادر من قول أبي بكر بن عبد الله المدني، ئەلبانی لە فەرمووده لاوازەکاندا دایناوە /٩٦٢} واتە : ئەبو بەکر بە زۆری نوێژ

وڕۆژوو گرتن پێشـی ئێوە نەکەوتووە، بەڵکو بەوەی لە ناو سـنگیدا جێگیر بووە پێش ئێوە کەتووە .

مامۆستاش دیسان ئەرکی خۆی هەیە : لەوانە بەزەی وسۆزە بۆ خوێندکاران وسەیرکردنیان وەك منداڵی خۆی وداوای پاداشت لە خوێندکار نەکات وبە هیوای سوپاس وستایش نەبێ، بەڵکو هەر لەبەر ڕەزامەندی خودای مەزن فێر خوازان فێری زانست بکات، منەت نەکات بەسەر خوێندکاراندا، بەڵکو چاکەکە بۆ ئەوان بگێڕێتەوە کە دڵەکانیان ئامادە کردووە بۆ نزیك بونەوە لە خودای مەزن وزانیاری تێدا دەچیەنێت، ئەوانە وەك کەسانێك وان کە زەویەك لە خەڵك وەردەگرن وئەیدەن بە کەسێك کە کشتوکاڵی تێدا بکات، دەبێت مامۆستا داوای پاداشت تەنها لە خودای مەزن بکات، زانایانی پێشـینە دیارییان لە خوێندکاران وەرنەگرتووە، وەدەبێ کەم تەرخەمی لە ئامۆژگاری خوێندکاران نەکات وهەتا بۆی دەکرێت بە شێوەیەکی جوان خوێندکار سەرزەنشت بکات ئەگەر کارێکی خراپ

لێی ڕوودا، نەك بە شێوەیەكی توند وزبر سەرزەنشتی بكات، چونكە ئەو سەرزەنشت كردنە بە وجۆرە پەروەردە وبەربەستی ڕێزو قەدر دەشكێنێت ولە بینی دەبات، یەكێكی تر لەوانە دەبێ مامۆستا سەیری تێگەیشتن وئەندازەی ژیری خوێندكار بكات شتێكی بۆ باس نەكات كە لێی تێنەگات ئاوەزای وەری نەگرێت، ڕیوایەت كراوە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) كە فەرموویەتی : " أمرت أن أخاطب الناس على قدر عقولهم " {بوخاری لە سەحیحەكەیدا هێناویەتی لە كتاب العلم دا لە بابی (من خص بالعلم قومًا دون قوم حديث رقم (١٢٤)} واتە : فەرمانم پێكراوە بە ئەندازەی ژیری خەڵكی خۆیان لەگەڵیاندا بدوێم .

ئیمامی عەلیش (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی : قسە بۆ خەڵكی بكەن بەو جۆرەی كە لێی تێدەگەن، ئایا پێتان خۆشە خودا وپێغەمبەرەكەی بە درۆ بخرێنەوە، واتە: ئەگەر لێی تێنەگەن پروایان پێناكەن.

ئیبن ومەسعودیش (ڕەزای خوای لیّ بیّت) لەم بارەیەوە ووتویەتی : تۆ ئەگەر قسە بۆ كۆمەڵێك لەخەڵكی بكەیت و لیّی تیّ نەگەن وئاوەزایان وەری نەگریّ بیّگومان ئەو قسەیە دەبیّتە بەڵایەك بۆ هەندێكیان {بوخاری موسلیم ڕیوایەتیان كردووە} .

عەلی (ڕەزای خوای لیّ بیّت) فەرمووی: بیّگومان لەوێدا زانستێك هەیە ئەگەر توشی ببویتایە هەڵم دەگرت شافعیش (ڕەزای خوای لیّ بیّت) فەروویەتی:

أأنثر درا بين سارحة النعم      أأنظم منثورا لراعية الغنم

ومن منح الجهال علما أضاعه      ومن منع المستوجبين فقد ظلم

واتە: ئایا گەوهەر پەخشان بكەم لە نێوان شوانی ووشترا، وە پەخشان ڕێكخەم بۆ شوانی ئاژەڵ، هەر كەسیّ زانست ببەخشیّ بە نەفام لە ناویداوە، وە هەر كەسێك بیگرێتەوە لە وانەی داوای دەكەن ناهەقی كردووە.

یەکێ تر لە وانە: دەبێ مامۆستا کار بەزانستەکەی خۆی بکات، قسەی کردەوەی بە درۆنەخاتەوە، وەك خودای مەزن ئەفەرموێت: {أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ وَأَنتُمۡ تَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ} {البقرة: ٤٤} واتە : ئایا ئێوە فەرمان بە وخەڵکە دەکەن چاکە بکەن، کەچی خۆتانی لێ هەڵا دەوێرن، هەر خۆشتان کتێبەکەی خودا دەخوێننەوە؟ دەسا ئەوە چیتانە تێناگەن؟ وە عەلی (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمووی: دوو جۆرە پیاو پشتی شکاندوم : زانای ڕێبوار نەزانی خواناس .

خوای گەورە بمان پارێزیت لە جەهل ونەزانین و لەو کەسانەمان بگێڕێت کە فەرمان بەخەڵکی دەکەن بەچاکە وخۆیشیان ئەنجامی دەدەن و بەرگریش دەکەن لەخراپە و لێیشی دوور دەکەنەوە .